پۆلیسی ئەڵمانیا دەستگیرکردنی پیاوێکی ڕاگەیاند کە دەیویست مزگەوتێک بسووتێنێت

پۆلیس دەستگیرکردنی پیاوێکی ڕاگەیاند کە ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە لە دەرەوەی مزگەوتێک لە شاری درەسدنی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا بەنزینی بەسەر مزگەوتێکە ڕژاند و هەوڵیدا بیسووتێنێت، پیاوەکە دەستگیرکرا و تا ئێستا هەکاری ئێم کردەوەی ئاشکرا نییە.

هەر لەمانگی ڕابردوودا ئەو کەسە هەوڵی داوە ئاگر لە مزگەوتێکی تر بکاتەوە.

شایەتحاڵەکان پێیوەندیان بە خزمەتگوزارییەکانی فریاکەوتنیان کرد دوای ئەوەی بینییان ئەو پیاوە بەنزین لە دەرەوەی مزگەوتێکە دەڕژێنێت، کە لەو کاتەدا ژمارەیەکی زۆر لە نوێژخوێنەکانی تێدابوو.